خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

ژمارە ( ٢٦ )   رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت   نرخ ( ٥٠٠ ) دینار   چوارشەممە ١ /٢٠١٠/١٢   ١٠ی سەرماوەزی ٢٧١٠

## هاتنی عەرەب بۆ کوردستان


غەفوور مەخمووری

لە هەر سێ چاپەکەی کتێبی (بەعەرەبکردنی کوردستان) لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازیەکی زۆری لێکراوەو بوەتە جێگەی گرنگیو بایەخی زۆر لایەن، هەر بۆیە (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق) وەك سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لەکەیسی (پاکتاوی نەژادی) پشتی بەم کتێبە بەست.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین بەشی یەکەمی ئەم ووتارەی لەکتێبی (بەعەرەبکردنی کوردستان)ی نووسەر (غەفوور مەخمووری) هاتووە بخەینە بەردیدی خوێنەران.


تەحسین شێروانی:
نەکەن قسە بکەن!
٣


جریکە مەخمووری:
پاس و تەکسی
٦


قەلای شاهانە رووخا
٧

### ئەوانەی پسوولەی خۆراکیان سەر بەهەولێرە چەکی قەرەبوویان پێنادرێت

# (دەنگی مەخموور) ووردەکاری دابەشکردنی چەکی قەرەبووی ماددەی 140 بڵاودەکاتەوە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

بەڕێوەبەری نووسینگەی شنگاڵ تایبەت بەماددەی ١٤٠ رایدەگەیەنێت کەوا ٥٠٠ چەکی دیکەی قەرەبوو دابەشدەکرێتو گوتیشی "ئەوانەی پسوولەی خۆراکیان سەر بە هەولێرە ئەوا چەکی قەرەبوویان پێنادرێت.

لەبارەی ووردەکاری دابەشکردنی چەکەکانی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ ، سەعید جەردۆ، بەڕێوەبەری نووسینگەی شنگاڵی ماددەی ١٤٠ تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور) رایگەیاند "تائێستا (٩٠٠) چەکی قەرەبوومان لەشارەدێی دیبەگە دابەشکردووە، کۆی گشتی ناوەکان زیاتر لە ١٨ هەزار ناوە، بەشێکی زۆر لەو ناوانەی داوای قەرەبوویان کردووە مەشمول نینو بڕیاری مادەی ١٤٠ نایانگرێتەوە" گوتیشی "تائێستاکە زیاتر لە ٤ هەزار هاوڵاتی مەخموور سوودمەندبوونە لەو بڕیارە".

سەبارەت بەوانەی پسوولەی خۆراکیان سەر بەهەولێرە روونی کردەوە "لەو رێژەیەی کە گەڕاوەتەوە زیاتر لە ١٠٠ ناو پسوولەی خۆراکیان سەر بەهەولێرە، کە ئەمەش پێچەوانەی بڕیارەکانەو چەکی قەرەبوویان پێنادرێت تا ئەوکاتەی پسوولەکانیان دەگوازنەوە".

سەبارەت بەگەڕانەوەی رێژەی چەکی قەرەبووی مەخموور ، قایمقامی قەزای مەخموور رایگەیاند "پێمانوایە نزیکەی ٢٥٠ چەك تایبەتە بەهاوڵاتیانی مەخموور"، بارزان سەیدکاکە قایمقامی مەخموور، راشیگەیاند "لەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانەدادەبین کە پسوولەی خۆراکیان سەر بەهەولێرە، چەکەکانی ئەوان نافەوتێتو پێشنیازی ئەوەمان کردووە بەشێوازێکی تایبەت ئەو چەکانەیان پێبدرێتو پسوولەکانیان بگوازرێتەوە بۆ سەر پارێزگای مووسڵ".

بۆ ئەم مەبەستە لەلاپەرەی ٥ی رۆژنامەکەمان سەرجەم ئەو ناوانەمان بڵاوکردۆتەوە کە تائێستا چەکی قەرەبوویان وەرنەگرتووە کە زیاتر لە (٤٠٠) چەکی قەرەبوو دەبێتو ئەوانەی ناویان تێدایە دەتوانن سەردانی شارەدێی دیبەگە بکەن بۆ وەرگرتنی چەکەکانیان.

**ووردەکاری زیاتر لە ل٢ و ل٥ بخوێنەوە**


**هاووڵاتیان لەکاتی سەیرکردنی ناوەکانی ماددەی ١٤٠**   **فۆتۆ: دەنگی مەخموور**

### مولازم (ئاری سەباح):

# داواکارین رێنمایی هاتوچۆ بۆ مەخموور دابین بکرێت

**کارزان غەمگین**

بەڕێوەبەری کەرتی پۆلیسی هاتوچۆی مەخموور داوا دەکات رێنمایی هاتوچۆو هێماو تاسەی پلاستیکیو کەپری هاتووچۆیان بۆ دابین بکرێتو سەبارەت بە رووداوەکانی هاتوچۆی کەمپی مەخموور بەپێی یاسای عێراق مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لەلێدوانێکی تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، مولازم (ئاری سەباح) بەڕێوەبەری کەرتی پۆلیسی هاتوچۆی مەخموور رایگەیاند "بەنووسراو داوامان لەسەرووی خۆمان کردووە رێنمایی هاتوچۆو هێماو تاسەی پلاستیکیو کەپری هاتووچۆمان بۆدابین بکەن بۆ ئەوەی مەخموور سیمایەکی شارستانی نیشان بدات، ئەویش تائێستا جێبەجێنەکراوە، هیوادارم بۆمان ئەنجام بدرێت".



سەبارەت بەهاوڵاتیانی کەمپی مەخموور کە مۆڵەتی شوفێریان پێ نادرێت بەبیانووی ئەوەی رەگەزنامەی عێراقیان نییە، لەوبارەیەوە مولازم ئاری گوتی "ئەوان هیچیان بۆ نەکراوە نەرەگەزنامە نە هیچ شتێکی دیکە، زۆرجار تووشی رووداوی هاتووچۆ دەبن بەناچاری دەبێت ئەو یاسایەی لەعێراق هەیە لەسەریان جێبەجێبکەین، حکومەتی هەرێمو بەغداد هیچیان بۆیان نەکردووە، وەکو ئەوەی چارەنووسیان دیاری نەکردوون".

مولازم ئاری داواکاربوو کە خولی شوفێری بۆ شۆفێرانی ئەو کەمپە بکرێتەوە، گوتیشی "هەق وایە خولێکیان بۆ بکەنەوە بۆئەوەی شایەنی مۆڵەتی شوفێری بنو مۆڵەتیان پێ بدرێت، تا لەم کێشەیە رزگارمان بێت، چونگە مۆڵەتی شوفێرییان نییە".

## دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی مەخموور

**تایبەت بە( دەنگی مەخموور)**

بەئامادەبوونی قوربانیانی تەقینەوەکەی مەخموور، رۆژی ١٠/٢٨ یەکەمین دانیشتن لەبارەی ئەنجامدانی کارەتیرۆرستیەکەی ٥/١٣ بەڕێوەچوو.

تەقینەوە خوێناوییەکەی ٢٠٠٧/٥/١٣ لەمەخموور کە بەسەدان هاوڵاتی کردە قوربانی، کە لەلایەن ئوتومبێلێکی بارهەڵگر لەبەردەم بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەمەخموور ئەنجام درا، کە بوە هۆی شەهیدبوونو برینداربوونی نزیکەی ٢٠٠ هاوڵاتی. دوای ماوەیەکی کەم لەئەنجامدانی ئەو کارە تیرۆرستییە دەزگاکانی ئاسایشی کوردستان توانیان ئەو گروپو باندانە دەستگیربکەن کە راستەوخۆ دەستیان هەبوو لەئەنجامدانی کارە تیرۆرستییەکە.

رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٨ لەشاری هەولێر، لەدادگایی دووی تاوانەکانی هەولێر بەئامادەبوونی کەسوکاری شەهیدانو بەرکەوتوانی ئەو کارەساتە نامرۆڤایەتیەدا یەکەم دادگایکردنی ئەو تیرۆرستانە بەڕێوەچوو، کە ژمارەیان هەشت کەس بوو، دوای وەرگرتنی گوتەی ژمارەیەکی زۆر لەقوربانیان دادگا بڕیاری دا دانیشتنی دووەم بۆ ئەم مانگە دوابخرێت.

### لەسەر کردنەوەی یانەیەکی مەی فرۆشی لەمەخموور

# مامۆستایەکی ئایینیو هاوڵاتییەك دەستبەرسەر دەکرێت

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

بەهۆی هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر کردنەوەی یانەیەکی مەی فرۆشی لەمەخموور، مامۆستایەکی ئایینی دەست بەسەر دەکرێتو، لەلایەکی دیکەوە هاوڵاتییەکی دیکە بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کردنەوەی یانەکە دەستبەسەر دەکرێت.

لەلێدوانێکی تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، مامۆستا (سەید عەلی سەید رەمەزان) پێشنوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی (سەید عومەر) لەمەخموور رایگەیاند "دوای ئاگادارکردنەوەم لەلایەن هاوڵاتیانەوە سەبارەت بەکردنەوەی یانەیەکی مەیفرۆشی، ئەوەبوو پەیوەندیم بەقایمقامی مەخموورەوە کردو نارەزاییو گلەیی هاوڵاتیانم پێراگەیاند، بەڵام قایمقام پێی گوتم "مۆڵەتی کردنەوەم پێداوە، خۆم حکومەتمو حیساب بۆ خەڵکی مەخموور ناکەم". دوای ئەوەی


**سەید عەلی و هاووڵاتیەك لەکاتی دەستبەسەرکردندا**

سەیدعەلی داوا لەقایمقامی مەخموور دەکات بۆ ئەوەی سەردانی بکات، هەروەك سەید عەلی باسی لێوەدەکاتو دەڵێت "قایمقام پێی گوتم کە"من کاتم نییە، پۆلیس دەنێرم" دوای ئەوە تەلەفۆنەکەی داخستەوەو دواتر دوو پۆلیس هاتن وامزانی بۆ لای قایمقامم دەبەن کەچی منیان دەستبەسەرکرد بۆ ماوەی ٧ کاتژمێر". دوای دەستبەسەرکردنی ئەو مامۆستایە، هاوڵاتییەکی دیکەی مەخموور بەناوی (شەشۆ سەعدی) کە ئامادەنەبووە پێداویستیو کەلو پەلی ئاو بفرۆشێتە یانەکە ئەویش دەستبەسەر دەکرێت.

لەلایەن خۆیەوە بارزان سەید کاکە قایمقامی مەخموور بۆ رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) رایگەیاند "ئەو مامۆستایە پەیوەندی پێوەکردوومو بەجۆرێك لەزمانی هەرەشە قسەی دەکرد، بۆیە منیش بڕیارمدا بۆچەند کاتژمێرێك دەستبەسەربکرێت، ئێستاش گەڕاوەتەوە سەرکارەکەی"، سەبارەت بەلێدوانەکانی سەیدعەلی، قایمقامی مەخموور گوتی "بەهیچ شێوەیەك قسەی وام نەکردووە، ئەو پێی گوتم کە لەووتاری رۆژی هەینی باس لەکردنەوەی یانەیەکی مەیفرۆشی دەکەم لەمەخموور، بۆیە منیش پێموت تۆ ووتار ناخوێنیتەوە". زیاتر دواوو گوتیشی "بەو مامۆستایەم راگەیاندووە کە ئێمە بەرپرسی ئیدارین، رێگەنادەین فەرمانبەرێك دەست لەکارەکانمان بدات". سەبارەت بەوەی بۆچی لەرێگەی ئەوقافەوە ئەو کێشەیان چارەسەرنەکردووە، بارزان سەیدکاکە گوتی "لەسەرەتادا بەتەمای ئەوکارە بووین، بەڵام کاتێك هەستمان کرد قسەکانی لەزمانی هەرەشە دەچن، بۆیە دەستبەسەرمان کرد".

سەبارەت بە دەستبەرسەرکردنی هاوڵاتیەکی دیکە لەسەر هەمان کێشە، قایمقامی مەخموور گوتی "هۆکاری گرتنی ئەو هاوڵاتییە بەهۆی ئەوە بووە کە هەستاوە بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی کردنەوەی یانەیەکی مەیفرۆشیو ئەم هەواڵەی بەرۆژنامەنووسانو مامۆستایانی ئایینی داوە، ئێمەش پێمانوایە ئەو جۆرە کارانە ئاژاوەگێری زیاتر دروستدەکات، بۆیە ئەویش بۆماوەیەك دەستبەرسەرکراوە".